:ئەنجیلا میرکل

# پۆرترێتی ژنێکەو ئەلمانیا بەرێوە دەبات

7

نووسینی: بودوان بۆلایر
وەرگێرانی بۆ عەرەبی: سلیمە لبال
و: شێرزاد هەینی ـ سوید
Sherzad55@hotmail.com



میرکل لە رۆژانی دوایی یارییەکانی تۆپی پێ لە ئەلمانیا .

زۆری پێ سەیربوو کە هیلمۆت کۆل پرسیاری لێکرد، پەیوەندییت بە ژنانەوە چۆنە .

کورسییەک لە پەرلەمان :

لە هەڵبژاردنەکەی 18ی مارسی ساڵی 1990ی ئەلمانیای دیموکراسی ئەو پێش نەکەوت، بەڵام لە یەکەمین هەڵبژاردنەکەی ئەلمانیای یەکگرتوو لە 2 ی دیسمبەرا هەڵبژێردرا، بەهاوکاری گانتر کۆرسی هاورێی لە بازنەی هەڵبژاردنی ژمارە 267 ی ناسراو بە رۆجن سترالساد بەشداریکرد. داگمار تیم لەبیریەتی کەوا میرکل لە رۆژانی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانا باسی هەموو لایەنێک و کون و کەلبەنێک و وردەکارییەکانی کرد، بەڵام ئەوەی ئێمەو خۆشی بیری لێ نەکردبیتەوە رۆژێک ئەو ببێتە راوێژکار ئەلمانیا، بگاتە ئەو پۆستە بەرزە لەو ولاتەدا .

ئەگەرچی ئەو لە رۆژەدا دوودڵیش بوو، بەڵام زوو چوە ناودڵی خەڵکەکە، ئەو دەمە دوو مانگ بوو 36 ساڵی لە تەمەنی پرکردبۆوە، بە لیستی حزبی کریستیانی دیموکراسی چووە ناو پەرلەمان، سێ دەورەبوو هیلمۆت کۆل راوێژکاری ئەو ولاتە بوو، ئەویش وەک خوێنی گەنجێک وەک پێویستی کەسایەتی وریاو چالاکی کۆنە ئەلمانیای دیموکراسی هاتبوو، ئەوانیش پێویستیان بە دەنگ و خوێن و ئەو ئەزموونە هەبوو .

یەکەم دیداری بە هیلمۆت کۆل :

زەبلاحە رەشەکە هیلمۆت کۆل، لە مانگی ئۆکتۆبەرو لە کۆبونەوەی یەکێبوونی یەکێتی کریستیانی دیموکراسی لە بۆن چاوی بە میرکل کەوت، لۆسار دۆ مازیاری هەڵبژێرداو بە جێگری سەرۆکی حزب ئەو دیدارەی لەگەڵ گانسر کرۆس بۆ سازکردن. لەبەرئەوەی ئەو رۆژە زەبلاحە رەشەکە چەندین کەسایەتی بینیبوو، بۆیە لە بیری نەمابوو ئەو کیژۆلەیەشی دیبێت، بەڵام کیژەکە ئەو رۆژەی باش لە هزرو بیرەوەری چەقیبوو، ئەو رۆژەی لەبیرە لەبەرئەوە نەبوو گوایە ئەنجیلا دژی پەرلەمانە، ئەو رۆژو دیداری لەبیرە لەبەرئەوەی ئەو پرسیاری ئەوەی لێکرد پەیوەندیت بە ژنانەوە چۆنە، ئەو پرسیارە سەیرە زۆر شتی لە هزری ئەنجیلا گلالەکرد، بۆ ئەو پرسیارە دەکات، مەبەستی چی یە لەو پرسیارە نامۆیە. کە ئەنجیلا چووە پەرلەمان و کۆل پۆستی وەزارەتی ژن و گەنجانی بەو سپارد، ئینجا لە مەبەستی پرسیارەکە دیداری یەکەمی کۆل گەیشت. ئەنجیلا قۆناخەکانی کارکردن و کۆششە بەردەوامەکانی باش لەبیر نەماوە، بەڵام ئەو دڵنیابوو ئەو لەبەر ئەوەی لە ئەلمانیای خۆرهەڵاتەوە هاتبوو، بۆیە زوو پۆستی وەزاری لە حکومەتی یەکگرتوو وەرگرت، پاش 14 مانگ لە رووخانی دیوارەکەی بەرلین ئەو بووە یەکەم ژنە وەزیرە لە حکومەتی ئەلمانیای یەکگرتوو .

گرەوێکی بەهێز :

کیژە قەشەکە بەوەندە نەوەستا، چاوی لە پلەو پایەی بەرزترو شکۆدارتربوو، زۆر قسەو توانجی لەسەربوو، لەسەر لاپەرەکانی رۆژنامەکان زۆر باس دەکرا، وێنەی کاریکاتێری زۆریان لەسەر دروستدەکرد، بۆیە دەیویست لە بن باڵی هیلمۆت کۆل دەربچێێت. لەهەلێکدا دەگەرا، تا ئەو رۆژە هات، کە فایلی لۆسار دو مازیار ئاشکرابوو، کە زانرا بەناوی خوازراوی ( کزرنی ( بۆ پۆلیسی نهێنی ستاسی کاریکردووە، کۆل داوای لێکرد لە حزب شوێنی ئەو بگرێتەوە. فەرمانی دامەزراندنی وەک جێگری سەرۆکی حزبی کریستیانی دیموکراسی دەرچوو، لە دیسمبەری ساڵی 1991 لە کۆی 719 دەنگ 621 کەسیان دەنگیان بۆ دا، واتە تەنیا 32 کەس نارازیبوون. پاش ئەوەی ئەو سەرکەوتنە باشەی بەدەستهێنا، پاش ئەوەی زۆرینەی زۆری دەنگی هەڵبژاردنەکەی بۆ جێگری سەرۆکی حزب وەرگرت، لەهەموو لایەک جۆرەها پرۆپاگەندەی بۆ هەڵبەسترا، هەموو لایەک کۆک بوون لەسەر ئەوەی سەرکەوتنەکانی بە هاوکاری و پشتیوانی کۆل بووە، ئەو نەبێت، ئەنجیلا هیچ نی یە .

ئەنجیلا لە رۆژانی کارو چالاکییەکانی لەسەردەمی ئەلمانیای دیموکراسی زۆر خۆی لە بیرو بەرنامەکانی رژێمەکە دەپاراست و کاری بۆ دەکرد، ئیمرۆش لە ئەلمانیای یەکگرتووش بێجگە لەوەی شوێن و پایەکی کارو چالاکی دەوێت، دەبوایە بۆ پاراستنی شوێنەکەو کەرامەتی وەک کۆنە هاوولاتیەکی کۆنە ئەلمانیا خۆرهەڵاتی لە چاوی هاوولاتیە خۆرئاواییەکان کۆشش و خەبات بکات. ئەو رۆژانە بە چەندین شێوە دژایەتی دەکرا، بەڵام ئەو سەرەرای ئەوەی لەروویان دەوەستا، کەوتە مونافەسەیان لە دامەزراوە ئازادەکان و لە بازاری ئازادیش، زۆر دژایەتی چەوسانەوەو خۆپەرستی و رووبەرووبونەوەی ناشریفانەش بوو. ئەنجیلا لە تەمەنی 38 ساڵیدا قاچی شکا بۆیە پێویستی بە پشوودان هەبوو، لە شوێنەکەی خۆییەوە دەراسەتی بەرەبەکانیەکانی دەکرد، کە گەچەکەیان لە قاچی کردووە هاتەوە مەیدانەکە، بەڵام ئەوجارە بە ورەو توانایەکی نوێیەوە .

یەکەمین وەزارەت :

یەکەمین پۆست وەزارەتی ژنان و گەنجانی وەرگرت، ئەگەرچی پۆستەکەی وەزارەتێکی گرنگ و زیندوو نەبوو، بەڵام بەو پۆستە زانیاری و تێبینی دەستەڵاتی لە ناوەوە بینی، لە کارکردنی سیاسی

گەیشت، ئەوەشی زۆر پێویست بوو، ئەگەرچی ئەو زۆر زیرەک و ئامادەبوو، بەڵام ئەو ئەزموونەی دەویست تا بچێتە ناو گەرمەی ئەو هەڵبژاردنەی کە زۆر خەونی پێوە دەبینی .

گومانی زۆری لە دونیای سیاسی و سیاسەت هەبوو، زور ئیشی بۆ ئەوەکرد، کەس بیر لەوە نەکاتەوە ئەو لەناو ئەو بازنەیەی هیلمۆت کۆلە، کە لە کۆنە ئەلمانیایە خۆرهەڵاتیەکە دایمەزراندووە، زۆری ویست تا ئەوەی سەلماندو لە بن باڵی هیلمۆت بێتە دەرەوەو سەربەخۆییەکەی بە روونی نیشان بدات، بۆ تێگەیاندنی میدیای ولات کاری زۆری کرد. وەک خۆی دانیپێداناوە کاری وەزارەت هیچی بۆ ئەو نەکرد، لەو کێشەیەدا سوودی بۆ ئەو نەبوو، بەڵام فێربوو چۆن مامەلە لەگەڵ بەرپرسان بکات، چۆن لەگەڵ ( ئاژەلە سیاسییەکان( ، ئەوانەی هیچ پێوانەیان نەبوو، هەڵسوکەوت بکات. بەو پۆستە وەزارییە توانی تۆرێکی باشی پەیوەندی بە هاورێیە ئەوروپییەکان دروست بکات، لەوانە چاوی بە خاتوو میشال ئالیوتی وەزیری گەنجان و سپۆرتی سەردەمی حکومەتەکەی ئاداورد بالادوری نێوان ساڵانی 1993 و 1995 بکەوێت، ئەو دوو ژنەش منالیان نەبوو، کەمێکیش لە دەمارەکانیاندا خوێنی پۆلونیایان تێدابوو. زۆر لەیەک نزیک بوونەوە، پاش ماوەیەک یەکەمیان بووە وەزیری بەرگری فەرەنساو ئەویش بووە راوێژکاری ئەلمانیا، هەردووکیان لەگەڵ کردنەوەی ئابووری و پەیوەندی بە پەیمانی ئەتلسی بوون .

لەگەڵ منالّلەبەرچودان نەبوو، چونکە ژیان لە تەلقیحی هێلکەوە پەیدا دەبێت :

ئەگەرچی دۆسیەی منالّلەبەرچودان کاری وەزیری خێزان و دادبوو، بەڵام ئەو دۆسیەکەی گرتە ئەستۆ، لەبەر گرنگی و ناسکی ئەو مەسەلەیە بە جدی و بە دڵسۆزییەوە کاری بۆ کرد. ئەگەرچی پاش یەکگرتنەوەکە، یاساکانی خۆرئاوا پەرینەوە خۆرهەڵات، بەڵام ئەو یاسایەی پەیوەستبوو بە مەسەلەی راگرتنی ئیرادەو ئاوسبوونی ژنانی نەگرتەوە .منالّلەبەرچواندن لە ئەلمانیای خۆرهەڵات بە داوایەک و بە خۆرایی دەکرا، بەڵام لە ئەلمانیای خۆرئاوا ئەوەیان موستەحیل بوو. ئەو یاسایە زۆر ئالۆزو سەخت بوو، بەتایبەتی بۆ ئەوانەی بۆ تێکەڵکردنەوەو هەموارکردنی هەردوو یاساکان کاریانکرد. بریاری لەبەرچونی منال کاری زۆری بۆ کرا، لەو دانوستان و گفتوگۆیانە حزبەکان هەموو بەشداربوون، پاش پرسیارکردن لە دەزگای رێکخستنی خێزانیش و پاش کاری 12 هەفتە بریاندا ژن ئازادە لەبەرچواندنی کۆرپەکەی سکی، بەمەرجێک دەولەت تەنیا لە دوو حالەت قەرەبووی ژنەکە دەداتەوە، یەکەمیان ئەگەر ژنەکە بێ رەزامەندی خۆی ئاووس کرابێت، یان ئەگەر گیانی ژنەکە لەبەر سکەکەی لە مەترسیدا بێت. یاساکە لە یولیوی 1992 دەرچوو، ئەنجیلا دەنگی بۆ نەدا، پاش ساڵێک ئەنجیلا لە دادگای کالالسرۆح داواکەی بردەوەو یاساکە هەڵوەشایەوە، بیانۆکەشی ئەوەبوو، نابێ دەستکاری ژیانی مرۆڤایەتی بکرێت. ئەنجیلا یاساکەی هەڵوەشاندنەوەو کاری پێکرا، بەڵام کە کلۆدیا نولت پۆستی وەزارەتەکەی گەنجان و خێزانی وەرگرت کاری بەو یاساکردووە، بەڵام بە مەرجێک دەبێ ئەو لەبەرچواندنە پزیشکێکی شارەزا بیکات. بەڵام ئێستاش ئەنجیلا لەگەڵ ئەوەدایە ژیان لەیەکەم تەلقیحی هێلکەوە دەست پێدەکات. هەرچی بێت، دەبێ ئەو ژنانەی لەو کۆمەلگایە کێشەیان هەیە، دەبێ هاوکاری و یارمەتیان بدرێت، ناکرێ ئەوانە سزا بدرێن، بە کۆشش و یارمەتی و رەخساندنی بواری باش و بەرنامەی زیندوو بۆ ژنان منالّلەبەرچواندن کەمتر کردێتەوە.